# لێرەوە کۆتایم لێ دەڕژێ

**دیار محمد**
هاوینی 2007
Deyar_mahamad@hotmail.com

**لە میساری ئینجانەیەك تەنیایدا**
**عیشق دەگری**




**لە وجودیەتی هزری ماندوبونیدا**
**سەرخەوێك لەتۆ دەشكێنم,**
**فەلەك..**
**ئای كە ناتوانم بتلێمەوە .. لەشێوەتا**
**لەبچوكتریین لەزەتی ماچدا**
**لە دواهەمین ڕێگای تەواوبوندا**
**ئێمە نین**
**لەدیوو حەسرەتی عیشقەوە**
**ئێمە جە نجاڵین بەهەموو پێكەنینە بەهەشتیەكان**
**تێڕامان لە عەورەتی تەنیایی**
**دەمباتەوە لای گەورەترین دایك بەچڵكنی**
**دەمباتەوە لای پاسارییەكی بێوەژن كەوتوو**
**دەمباتەوە سەر ڕۆخی گەلآیەكی گەرما بردوو**
**سەردەمێكی خۆڵەمێشییە**
**ئەم بێ ئاگاییونە**
**وەك ڕابردوویەكی زەرد پەڕیو**
**لە ئاوابونی حەقیقەت**
**لەبیركردنەوەی منداڵیەكو قومێك ژەهر**
**ئێمە لە پێكەنین جوداین**
**ئێمە لە واهیمەی باوكمندا غەرقین**
**كەچی كەس بەم زەمەنە تەزیوەدا تێنا پەڕێ و**
**ناشمبینێ جگەلەتۆ،**
**جگەلەتۆ**
**كەسێكیتر لێرە ناگوزەرێ**
**بۆ خاپوربون**

بۆ وتنەوەی ئەم گۆرانییە
جگەلەتۆ کەسێکیتر نیە بۆ یاخی بون لە عیشق
وەك دروست بونەوە
منێك لە ئافاتی پاش باران دەچم بەلێڵی
تۆیەك لەئیمبراتۆریەتی پایز دەچی  بە سەوزی
کەتا هەر بێیت ناسك دەبیت
خرۆشانم دەچێتەوە سەر ڕەگەزی کەنار بەرد
ووردبونەوەم دەچێتەوە
سەر مێروولەیەکی باوکە
کە پێش دەست پێکردنی جەنگ
قاچەکانی لەدەست داوە،
بێدەنگ
هەمووومان بە موناجاتێکدا تێدەپەڕین
بەس تەنیاییەکان لێرە دەمێننەوە
لەم حوجرەیەدا لەتەفسیرِ بیٚ ئاگاین و
تەسبیح لە ئێمە خەوالۆترە
بە نزای عاتیفەیەکی سۆزانی
بەسە بۆ تەوا وبونی ئەم تۆوەبیٚ مروەتانە
تا تەواو نەبونی گەشیتن
بەسە تا گەینی میوە ناکامەکانی کچانیەك
بەسە بۆ بەڕێکردنی تابوتەخەیاڵیەکان
کە  پڕن لەلەزەتی خۆڕوشاندن
کە  پڕن لە ڕووتبونەوە و گریان
لە جێهێشتن لە قریشکەیەکی
نەبیستراوو
ئەی بەرائەتترین حوزن
دەمەوێت بگەمە ژەنیارترین عیشق
ڕەهابم لە تێکشکان
لەنەمانی بۆسۆی ئەم ئیلاهیەدا تازەببمەوە ...
تاقانەکەم
گەشتن بەسۆراغی سپی
لۆچ بونێکە وەك تێگەیشتنی

ئاژەڵ لەمرۆڤ و

مرۆڤ لە شەپۆلەکانی تەنیایی،

ئەی نەسیم ترین جودا

پیاکێشانم ناچێتەوە سەر زەینی وەهابییەك

تا لەتوانا شاراوەکاندا خۆم بدەم لە گۆشەگیری

ئای کەناتوانم بۆ لەحزەیەك فەرامۆشت بکەم

کەچی ناشوێرم بە خەڵوەتی ئەم بە عیشق بوونەدا

بگەڕێمە دواوە

ئای گوڵێ

تاکەی لەژێر حیکمەتی ئەم بێئاگاییەدا ڕاکشێم

کە وەك چاوەڕوان نەبوی بەیانییەکی بێ سێبەرە

کەوەك بە بۆن کەوتنی عیشقە لە ئەسپەنیك

بەسوتانی...و

ئیتر نەمەوێت هیچ دەزگایەك چارەی

ئەم بۆنە بێ مرووەتە بکات ...

تا لە پاڵ ڕۆژگارێکیبێ جورئەتدا سەر دەنێمەوە

وەك هەتیو بونێکی ترم

وەك کوڕە شیعرێك و کچە قەسیدەیەکی نەبیسراو

منێك کە

گوناهبارم بە شاردنەوەی گوناهەکانم

لەژێر باڵی ئاسمانە تەزیوەکانی عیشقا

منێك بە تێنەگەیشتنی ئێوە پەستبم و

ناگەمەوە بەرێگا ئەزەلییەکانی مردن

چۆن سیناریۆی ئەم بەعیشق بوونە ڕادەچڵەکێ

لەنێوان ئەهریمەن و

کوڕە بارانێکی بێ نەوزدا

وەك ڕیوایەتێکی نەبیستراو

دەپرۆکێم بەگەورەیی ڕازێك و

ئایەتە حەزینەکان ،

کەچی تۆش هەر لەدورەوە وەسوەسەی عاتیفەیەکی

ڕەنگ ڕێژ دەخایتە کەڵکەڵەی ئەم زەمینە بێسرەوتەوە

وەك تازەترین ڕوئیا کە دەڕژێ

تا بخزێمە بچوکترین حەرفی نەسیمەوە و
تەواوکەربم بە تەواوبونی تەفسیرە بێ نوێژەکانی ئەم حەلە...
ڕەق بونەوەم
بەبێدەنگ دەچێتەوە سەر منارە بەخاچکراوەکانی خواداو
گومەزە بێسورەیاکانی جەهلێك
کەلەژێریا کڕنوش دەبەن
تا عیشق بەناکامی تامی زەمەن بکات
ئێمەش بە توربەکردنی مەینەتیدا قالبینەوە
بۆ تامکردنی ژنێك
ماتڵم بەڕابردوە هیچەکەی ئەم دەهرە
ئای کەناگەمەوە بە زمانەوانی و
نوسراوەکانی ئەم سەردەمەت
ئای کەناگەمەوە بە واقیعەتی حەزە ڕەنگ
سەراب نیشتوەکانی بارینت
نیسبەتێك لە گەیشتنت دەمان گۆڕێ ,
کەچی هەمیشە بەتارکیەکانم تورەی
منیش هەمیشە ڕوناکییەکانت تەنیام ،
توانەوەم بەڕوی غروریەتدا سەما دەکات
بۆسپی کردنەوەی نامەیکی نێگەتیڤ
بۆ نوسینەوەی هەزارەها ووشەی
تێپەڕ و تێنەپەڕ
هەر ئێمە دەبینە حیوارێکی نەبیسراو
ئەی ئیحساس ترین ڕوئیای شیعر
بۆ دەبێت دانەوێڵەی ئەم خەڵوەتەم
لێی بڕژێ
ئەی مێهرترین یاساوڵ
تاکەی گڵکۆی خەمەکانم چاویان سوربێت
لە ڕوانینە نزیکەکان
ئەی مەعشقوترین زایەڵە
سوکنایم سپاردووە بەنەگەڕانەوە
ئەی فیرافترین حەز
پێهەڵنێ

تا لە ڕوتا نەگەوزێم
وەك شەقامە بێ تاقەتەکانی سەیوانت
بۆ میزاج هیچ پێشبینیەك بەدی ناکرێ
لەم درەنگ وەختەدا
سڕانەوەم قۆڵی لە بیرەوریەکان هەڵکردووە و
ناشمەوێت گەریلای ئەم حەزەشێتەم
سنورەکانی ئەڤالۆنت وەلانێ
ئیدی بەم خەراباتە تکاوەتدا دەڕژێم
وەك بەنورانیکردنی مەرقەدێك
وەك بەحیواربوونێك لەێوەوە بۆ ئێمە،
تا هیلاکەت.